# پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن

له ئەبی موسای ئەشعەریەوه -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن، سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەمەدی بەدەستە خێرایی دەرچوونی قورئان (لە سینگ) خێراترە لە خۆ دەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە».
[سەحیح - ڕاست]] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەپێداچوونەوەی قورئان وخوێندنی بەبەردەوامی بۆئەوەی مسوڵمان ئەوەی لەبەریکردووە لەبیری نەچێت، و-صلى الله عليه وسلم- جەختی لەسەر ئەمە کردەوە بەوەی قورئان دەرچوونی لە سینگ خێراترە لە خۆدەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە لەنێوە ڕاستی قاچیدا، ئەگەر مرۆڤ بەردەوام پێداچوونەوە بۆ قورئان بکات ئەوا دەیگرێت و لەبیری ناچێت بەڵام ئەگەر پێداچوونەوە نەکات ئەوا دەڕوات و لەبیری دەچێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5907